# لێوان لێوم لە وەڕسیی..
# خاڵیی..خاڵیی لەبارانی ڕوانین ،ئەمشەو

شیعری:بەرزان هەستیار
ئەیلوولی 2002
ئەڵمانیا/کۆلن

لەوبەر بێستانەکانی عیشقەوە چاوەڕێم کەن
دێم و بەخێرایی پێکەنین لەکوچەی غەریبێکەوە،گوزەر ئەکەم
ڕەنگە نەمبینن بەخۆم و
زەمیلەیەک فرمێسکە لاسوورەوە
چۆن پیرێتیی پڕ پری کردووم لەچرۆی سەوزی خۆیی و
لەژێر سایەی  درەختە ئاوسەکانی (زڕبوون)دا
کاسەی مردنێ لەسەری ئەم ژیانە بەربادەدا ئەشکێنم و
پەرداخێ لەڕۆحی گوشراوی وەڕس بوون
چۆڕبڕ ئەکەم،
ئێی ئەی درەختە وشکەکانی عیشق
ئێوەش ئەو گۆرانییانە لەبیرکەن
کەهەموو گەنجێتییم بۆکردن بەئاوازو
کەس نەیچڕین
ملوانکەی ئەو قەسیدانە بپچڕێنن
لەملی کیژۆڵەیەکدا ژەنگیان کردو
دێڕێکی ئەزبەر نەکردن
ئەی درەختە ناشرینەکانی موحیببەت
قەت لەمشەو مەستتر نابم و

قەت لەمشەو پاکتر نابم و
قەت لەمشەو غەمگینتر نابم،
دابارێن ئەی ئەستێرەکانی ڕەنگ زەردیی
هەڵوەرێن ئەی هێشووە تاڵەکانی خۆشنوودیی
ئەم نێچیرە قاچەکانی نایگەیەننە
شینایییەکانی دەربازبوون
هەڵفڕن ئەی داڵەبێ مروەتەکانی مردن
ئەو دەنووکە تیژانەتان
لەو چاوانەگیرکەن کە سەردەمانێ
دەریا بوون بۆ مەلەی ئارەزووە ڕووت و قووتەکانی هەرزەیی
ئەو چاوانەی ئەمشەو لەحەسرەتی ڕژانی خوێنی گەنجییما
خۆیان کوشت و ڕژانە نێو تەلبەندەکانی تاریکیی....
شەوی یەڵدایە یەڵدا
بەپێکێ شەرابی خەستەوە
من شەڕی ئەم هەمووساڵە خەراباتەی تەمەنم پێ ناکرێ،
بەشمشێرێکی کولەوە
ئەم لەشکری حوزنە بە من تەفرو تونا نابێ
ئەی خەون ئەی پاکیزەترین سۆزانیی
ماڵێکم هەیە لە شووشە
بەبێ دەنگیی وردو خاشی مەکە
پێخەفێکم هەیە لەدڕکەزیی
جێی (خامۆشیی) نابێتەوە تیا ڕاکشێ؛
ئەمشەو..ئەمشەو..ئەمشەو
ڕووبارێکم لەقەڵبەزەدا هەپروون بە هەپروون ئەبم و
تۆزێکی سپی و چیتر نا،
پەلکەگیایەکم لەژێرپێی

حەسرەتێکا ملم لار ئەبێتەوەو
خوێنێکی سەوزو چیتر نا،
کەنارییەکی تەنیام ولەبێ ئاسمانییدا
گۆرانی بۆ یەئس ئەڵێم و
لەمردندا نەغمەیەک و هیچی تر نا، بەجێ دێڵم
دابارێن ئەی تەرزە خوێن شیرینەکانی عەدەم
لاسکی ئەو بیرەوەرییانەم بشکێنن
کەئەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی پێکەنین
خونچەی ئەو یادگارانە هەڵوەرێنن
کە لە پێدەشتە شینەکانی ئومێدەوە
سەرەتاتکێ لەگەڵ وەرزەکانی گەشانەوەدا ئەکەن؛....
قەت لەمشەو شێتتر نابم و
قەت لەمشەو هیچتر نابم و
قەت هێندەی ئەمشەویش بەحەسرەتەوە
ناچمە ژێر چەتری شکاوی گریانێک و
یەک بەیەکی ماڵەکانی
سەماو عیشق وتێک ئالاَنی نیشان نادەم